تۆ دەبێت فۆرمی «ڕەزامەندی بۆ دانی زانیاریی شەخسی بە لایەنی تر» (فۆرمی MR049) بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بە IHMS فەرمان بدەیت کە زانیاریە شەخسیەکانی ئێستات (لەوانە زانیاریی هەستیار و تەندروستی)، بەو شێوەی کە لە یاسای پاراستی نهێنیی ئۆسترالیا 1988 دا دیاری کراوە، بدات بە ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرەی کە تۆ لە خوارەوە ناوت هێناوە. هەروەها ئەم فۆرمە دەرفەتت پێ دەدات کە بە IHMS فەرمان بدەیت ئەو تۆمارانەی داهاتوو کە زانیاریی شەخسییان تێدا یە ئاشکرا بکات.

لە کاتی دانی ڕەزامەندی، دەبێت بزانیت کە ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرەی کە ڕێگەی دەستپێگەیشتنی پێ دەدەیت، چۆن زانیاریەکانت بەکار دەبات، بۆ چ ماوەیەک دەیهەوێت زانیاریەکانت لای خۆی هەڵبگرێت، و بۆ پاراستنی زانیاریەکان چی دەکات.
هەروەها دەبێ بزانیت دانی زانیاریی شەخسیی خۆت (لەوانە زانیاریە هەستیارەکان) بە کەسی تر چ مەترسیەکی هەیە. بە زانینی ئەم شتانە دەڵێن ئاگاهبوون، و ئەو ڕەزامەندیەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت دەبێتە «ڕەزامەندیی ئاگاهانە». پێویستە IHMS دڵنیا بێت لەوەی کە کاتێک تۆ ڕەزامەندی دەدەیت، ڕەزامەندیەکەت ئاگاهانە دەبێت. کاتێک IHMS ئامۆژگاریت دەکات زانیاری بە دەست بهێنیت سەبارەت بە ئامانجەکان و مەترسیەکانی دانی زانیاریی شەخسیت بە ڕێکخراو یان نوێنەری دیاریکراوت، IHMS وای دادەنێت کە ئەو ڕەزامەندیە کە لەنێو فۆرمی ڕەزامەندیدا داوتە ڕەزامەندیەکی ئاگاهانە یە.

هەروەها پێویستە لەبیرت بێت کە هەر کات بتهەوێت دەتوانیت لەڕێگەی دانی فەرمانی نووسراو بە IHMS ڕەزامەندیەکەت بەتاڵ بکەیتەوە یان بگۆڕیت.

تکایە بە وردبینی فۆرمی ڕەزامەندی بخوێنەوە. ئەگەر لە مەرج و پێویستیەکان تێنەگەیشتیت و پێویستت بە یارمەتیی هەبوو، حەتمەن لە IHMS بپرسە. دوای ئەوەی کە فۆرمەکەت واژۆ کرد، کۆپیەک لە فۆرمی ڕەزامەندیی واژۆ کراو بۆ کاروباری داهاتوو لای خۆت هەڵبگرە.

IHMS تەنها کاتێک بڕیار دەدات زانیاریی شەخسیی تۆ ئاشکرا بکات کە ئاشکراکردنی یاسایی بێت و لەگەڵ یاسای پاراستنی نهێنیی ئۆسترالیا بگونجێت.

| بەش | ڕێنوێنی |
| --- | --- |
| | **ڕێنوێنی**<br>*(پێویستە بزانیت ئەگەر پابەندی ڕێنوێنیەکانی خوارەوە نەبیت، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە IHMS فۆرمی ڕەزامەندیت ڕەت بکاتەوە هەتا ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی گونجاو فۆرمەکە پڕ دەکەیتەوە)* |
| ئەو کەسەی کە ڕەزامەندی دەدات | هەموو خانەکان دەبێ تا ڕادەیەک کە دەکرێت بە ئەلفوبێی ئینگلیزی، و بەپێی سیستەم و فۆرمەتی نووسینی ژمارە و ڕێکەوتی ئینگلیسی پڕ بکرێنەوە، و تەنها لە شوێنی گونجاو پیتی گەورە بە کار بهێنرێت. |
| ڕەزامەندیی باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی | بۆ منداڵانی خوار 16 ساڵ، دەبێت باوک یان دایک یان ئەو سەرپەرستە یاساییە کە حکوومەت پەسەندی کردووە ڕەزامەندی بدات کە زانیاریی شەخسیی منداڵەکە ئاشکرا بکرێت.<br><br>منداڵانی 16 هەتا 18 سال دەبێت خۆیان ڕەزامەندی بدەن، مەگەر ئەوەی کە بەڵگەی پزیشکی هەبێت بیسەلمێنێت کە منداڵەکە ناتوانیت ئاگاهانە ڕەزامەندی بدات. باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی تەنها کاتێک دەتوانێت ڕێگە بە ئاشکراکردنی زانیاریی شەخسیی ئەم گرووپە تەمەنیە بدات کە ئەو منداڵەی کە دەتوانێت ئاگاهانە ڕەزامەندی بدات بە نووسراوی ڕایبگەیەنێت کە ڕازیە باوکی یان دایکی یان سەرپەرستەکەی بەجێگەی خۆی ئەم ڕەزامەندیە بدات بە IHMS.<br><br>ئەگەر کەسێک تەمەنی سەرووی 16 ساڵ بێت و پزیشکی پسپۆڕ پێیوابێت ئەو ناتوانێت ئاگاهانە ڕەزامەندی بدات، دەسەڵاتی پەیوەندیدار سەرپەرستێکی یاسایی بۆ ئەو دادەنێت. ئەو سەرپەرستە یان باوک یان دایک دەتوانێت بە نوێنەرایەتی کەسەکە فۆرمی ڕەزامەندی واژۆ بکات.<br><br>سەرپەرستی یاسایی تەنها دەتوانێت ڕێگە بە ئاشکراکردنی زانیاریی شەخسیی ئەو کەسە بۆ ئەو مەبەستە بدات کە بە بۆنەیەوە مافی سەرپەرستیی پێ دراوە. |
| ڕەزامەندیەکان | <u>ڕێکخراو/نوێنەر:</u><br>لە فۆرمی ڕەزامەندی دا دەبێت تەنها ناوی یەک ڕێکخراو یان نوێنەر بنووسرێت. ئەگەر ناوی دوو یان چەند ڕێکخراو یان نوێنەری بنووسرێت، IHMS تەنها یەکەمین ڕێکخراو یان نوێنەر لە بەرچاو دەگرێت. ئەگەر دەتهەوێت زانیاریی شەخسیت بدرێتە دوو یان چەند ڕێکخراو یان نوێنەر، پێویستە فۆرمی ڕەزامەندیی جیا بۆ هەریەک لە ڕێکخراوەکان و/یان نوێنەرەکان پڕ بکەیتەوە.<br><br><u>ئەو زانیارییە شەخسیە تایبەتانەی کە IHMS دەبێت ئاشکرایان بکات:</u><br>تۆ دەبێت کورت و ڕوون بڵێیت کە دەتهەوێت IHMS چ زانیاریگەلێکت بداتە ڕێکخراو یان نوێنەری |


IHMS 2017 ©. هەموو مافەکان پارێزراون.

| | |
|---|---|
| | دیاریکراوی تۆ. بۆ نموونە؛ «تەواوی فایلی پزیشکی»، «زانیاریەکانی سەبارەت بە برینی دەست»، «تۆمارەکانی تەندروستیی دەروونی»، هتد.<br><br><u>زانیاریی شەخسیی داهاتوو:</u><br>فۆرمی ڕەزامەندی هەتا ئەو ڕۆژەی کە ڕەزامەندیی بۆ دەدرێت بایەخی دەبێت (و زانیاریی شەخسی ئێستات دەگرێتەوە). ئەگەر دەتهەوێت تۆمارەکانی داهاتووت (واتە، ئەو زانیاریە شەخسیانەت کە IHMS دوای ڕۆژی پێشکەشکردنی ڕەزامەندیت کۆی دەکاتەوە) بدرێن بە ئەو ڕێکخراو یان نوێنەرەی کە دیاریت کردووە، ئەوا دەبێت فۆرمێکی ڕەزامەندی پڕ بکەیتەوە کە تێدا بەشی «زانیاریی شەخسیی داهاتوو» دەستنیشان کرابێت. ئەگەر لەو بەشە دا هیچ واژۆیەک نەکەیت، ئەوا IHMS وایدادەنێت کە تۆ ناتهەوێت تۆمارەکانی داهاتووت ئاشکرا بکرێن. |
| دڵنیابوونی IHMS لە دروستبوونی واژۆ | کاتێک دەتهەوێت فۆرمی ڕەزامەندی پڕ بکەیتەوە، پێویستە حەتمەن لە بەرچاوی کارمەندێکی تەندروستی دا کە بۆ IHMS کار دەکات واژۆی بکەیت (ئەگەر تۆ لە شوێنی ڕاگرتنی کۆچبەران یان ناوەندێکی پرۆسێسکردنی ناوچەیی دەژیت دەکرێت ئەو کەسە پزیشکی کلینیکی تەندروستیی IHMS بێت، ، یان ئەگەر تۆ لە ناو کۆمەڵگە دا نیشتەجێیت دەکرێت ئەو کەسە پزیشکێک بێت کە IHMS وەک دابینکەری تەندروستی کۆمەڵگە دیاری کردووە (ئەگەر لە ناوەندی دەستبەسەرکردنی کۆمەڵایەتی نیشتەجێیت ئەم کەسە پزیشکێکی گشتیە کە IHMS بۆ تۆی تەرخان کردوە ، یان پزیشکێکە لە کلینیکی ناوەندی نیشتەجێکردنی نائوروو (Nauru Settlement Clinic) یان ناوەندی گواستنەوەی پەنابەرانی ئیست لۆرێنگاو (East Lorengau Refugee Transit Centre) لە دوورگەی مانووس (Manus Island). ئەگەر ڤیزات هەیە و لە کۆمەڵگەی ئۆسترالی دەژیت، ئەوا نابێت فۆرمی ڕەزامەندی بەکار بهێنیت، بەڵکوو دەبێت داوا بکەیت کە بەپێی *یاسای ئازادیی زانیاریی* ئۆستراليا ڕاستەوخۆ دەستت بە وەزارەتی کۆچبەری و پاراستنی سنوور بگات. |


IHMS 2017 ©. هەموو مافەکان پارێزراون.

ihms International Health and Medical Services

# ڕەزامەندی بۆ دانی زانیاری بە لایەنی تر

| ئەو کەسەی کە ڕەزامەندی دەدات («کەسەکە»)<br>(ئەم بەشە دەبێت پڕ بکرێتەوە) | | |
|---|---|---|
| ناو: | | ژمارەی ناسینەوە: |
| نێرینە ☐ مێینە ☐ | ڕۆژی لەدایکبوون: ______/ ______/ ______ | تەمەن: |
| زمان: | وەرگێڕی زارەکی بە کار هێنرا: بەڵێ ☐ نە ☐ | ژمارەی وەرگێڕی زارەکی: |

| ڕەزامەندیی باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی<br>(تەنها دەبێت کاتێک پڕ بکرێتەوە کە کەسەکە خۆی نەتوانێت ڕەزامەندی بدات: ئەگەر کەسەکە خۆی دەتوانێت ڕەزامەندی بدات، ئەم بەشە نابێت پڕ بکرێتەوە) | |
|---|---|
| ناو: | |
| ڕۆژی لەدایکبوون: | خزمایەتی لەگەڵ کەسەکە: |

**ئاگاداری سەبارەت بە بایەخداربوونی بەڵگەی ڕەزامەندی و مافی هەڵوەشاندنەوە**

**من بە واژۆکردنی ئەم فۆرمی ڕەزامەندیە ڕایدەگەیەنم کە دەزانم ئەم بەڵگەی ڕەزامەندیە هەتا کاتێک کە خۆم بەتاڵی دەکەمەوە یان هەتا 5 ساڵ دوای ڕۆژی واژۆکردنی ئەم ڕەزامەندیە (هەرکامیان زووتر ڕوو بدات) بایەخدار دەبێت. دەزانم کە هەرکات بمهەوێت دەتوانم بە دانی فەرمانی نووسراو بە International Health and Medical Services Pty Limited (IHMS)، ئەم ڕەزامەندیە بەتاڵ بکەمەوە یان بیگۆڕم.**

| ڕەزامەندیەکان<br>(هەموو خانەکانی خوارەوە دەبێت پڕ بکرێنەوە) | |
|---|---|
| **ا لێرەدا بە IHMS، هەروەها کۆمپانیا وابەستە و لاوەکیەکانی، ڕێگە دەدرێت کە بەو شێوازەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە زانیاریە شەخسیەکانی <u>ئێستای</u> من (لەوانە ئەو زانیاریە هەستیارانەی کە IHMS هەڵیگرتوون) بدەن بە ڕێکخراوی ناوبراو یان نوێنەری من (کە ناوی لە خوارەوە هاتووە):** | |
| **ڕێکخراو/ نوێنەر**<br>(دەبێت تەنها ناوی یەک ڕێکخراو یان نوێنەر بنووسرێت: دەبێت بۆ هەر ڕێکخراو و/یان نوێنەرێکی دیاریکراو فۆرمێکی جیا بەکار بهێنرێت) | **ئەو زانیاریە شەخسیە تایبەتانەی کە دەبێت IHMS ئاشکرایان بکات** |
| | |
| **واژۆی کەسەکە**<br>(یان باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی، ئەگەر کەسەکە خۆی نەتوانێت ڕەزامەندی بدات): | **ڕۆژی دانی ڕەزامەندی:** |
| | |
| **لێرەدا بە IHMS، هەروەها کۆمپانیا وابەستە و لاوەکیەکانی، ڕێگە دەدرێت کە بەو شێوازەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە زانیاریە شەخسیەکانی <u>داهاتووی</u> من (لەوانە ئەو زانیاریە هەستیارانەی کە IHMS هەڵیگرتوون) بدەن بە ڕێکخراوی ناوبراو یان نوێنەری من (کە ناوی لە سەرەوە هاتووە)، هەر کاتێک ڕێکخراو یان نوێنەری ناوبراو بە شێوەیەکی یاسایی داوا بکات:** | |
| **واژۆی کەسەکە**<br>(یان باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی، ئەگەر کەسەکە خۆی نەتوانێت ڕەزامەندی بدات):<br>*(ئەگەر نابێت IHMS زانیاریەکانی **<u>داهاتوو</u>** ئاشکرا بکات، ئەوا خانەکانی واژۆ و ڕۆژ بە بەتاڵی بهێڵەوە و پڕیان مەکەوە)* | **ڕۆژی دانی ڕەزامەندی:** |
| | |

**ڕەزامەندیی زارەکی (تەنها کارمەندانی IHMS دەتوانن بەکاری بهێنن -** ڕەزامەندیی زارەکی دەبێت تەنها کاتێک بە کار بهێنرێت کە وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسراو مومکین نەبێت: *ئەگەر ڕەزامەندیی زارەکی بۆ ئەم بابەتە بە کار ناهێنرێت، خانەکانی واژۆ و ڕۆژ لە خوارەوە بە بەتاڵی بهێڵەوە و پڕیان مەکەوە)* من سەبارەت بە پێشنیازی ئاشکراکردنی زانیاری لەگەڵ کەسەکە قسەم کردووە. من دڵنیام کەسەکە لەم پێشنیازی ئاشکراکردنی زانیاریە تێدەگات و ئاگاهانە ڕەزامەندیی خۆی بۆ ئەم مەبەستە داوە.

| | | |
|---|---|---|
| **واژۆی پزیشکی IHMS:** | **ناوی پزیشکی IHMS:** | **ڕۆژ:** |

| **دڵنیابوونی IHMS لە ڕاستبوونی واژۆی کەسەکە**<br>(یان باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی ئەو، ئەگەر کەسەکە خۆی نەتوانێت ڕەزامەندی بدات): | | |
|---|---|---|
| من وەک پزیشکێک کە بۆ IHMS کار دەکەم، پشتڕاستی دەکەمەوە کە ئەو کەسەی کە واژۆی لەسەر بەشی ڕەزامەندی سەرەوە کردووە، هەر ئەو کەسە یە کە ئەم فۆرمی ڕەزامەندیەی بۆ نێردراوە (یان، ئەو کەسە خۆی ناتوانێت ئاگاهانە ڕەزامەندی بدات، و واژۆکە واژۆی باوک یان دایک یان سەرپەرستی یاسایی ئەوە). | | |
| **واژۆی پزیشکی IHMS:** | **ناوی پزیشکی IHMS:** | **ڕۆژ:** |



Binding Margin – No Writing

ڕەزامەندی بۆ دانی زانیاری بە لایەنی تر

MR_049_V2.00